## باشترە کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بێدەنگ بێت ؟

**ئاسۆ**

کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بۆچی باشگەز بوونەوە لەو کەمپینەی کە کۆمیتەی چاکی هەڵەبجە سازیان کردبوو تا (عەلی کیمیایی) بکوژ، بهێنرێتە هەڵەبجەو سێدارەیەکی کوردی بۆ هەڵخەن؟ ترس بوو یان پرسی حیزبی یان بێ پرۆگرامی کۆمەڵە یان ئیرشادی ئەملاولا؟! سەیرە...!!

کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی لە باتی ئەوەی کە خەڵك هان بدەن و ڕێپێوان سازکەن و شار برازێننەوەو سەکۆی سێدارە چێکەن و داربەڕو هەڵخەن بۆ سێدارەی تۆڵە، کەچی نەك ئەمە ناکەن بەڵکو بایکۆتی هێنانی عەلی کیمیاییش ئەکەن بۆ هەڵەبجە کە خەریکە ئەبێتە بریارێکی ڕەسمی، کۆمەڵەی قوربانیان هیوایەتیان تەلەفزیۆن و لێدوان و سەردانی بەرپرسان و پارە وەرگرتنەو وا ئەزانن ئەگەر عەلی کیمیایی نەهێننە هەڵەبجە ئیدی هەڵەبجە ئەکەنە شای شاران و شەقامەکانیش بە ئاڵتون؟ کە ئەمە ئەوپەری بێ ئاگایی کۆمەڵەیە کە بە قسەی چەند حیزبیەکی دەسەڵاتدار ئەیانەوێت گەورەترین وێسگەی تەئریخی لەدەست بدەن، بێئاگا لەوەی کە بە هێنانی عەلی کیمیایی بۆ هەڵەبجە دونیا ئەخرۆشێ و سەدان ڕۆژنامەنوس ئەبنە میوانی کەلاوەکان و وێرانەماڵەکان بەچاوی خۆیان ئەبینن، باشترە کۆمەڵە وەکو هیچی نەکردووە بۆ هەڵەبجە جگە لە لێدوانی سەیرو سەمەرە نەبێ بێدەنگی هەڵبژێرێ و ئەوەندە یاری بە عاتیفەی خەڵکەوە نەکەن، ئەوان بچن سۆراخی ئەوە بکەن بۆچی هەواڵەکانیان لە تەلەفزیۆنەکانی سلێمانی بە پولێك ناکڕن، ئاخر لە دواین سەردانیاندا بۆلای دوکتۆر بەرهەم لە 7/14 دا بۆچی نەیانپرسی ئەم هەواڵە بۆچی لە تەلەفزیۆنەکانی کوردسات و گەلی کوردستان دانەبەزی و بڵاو نەکرایەوە؟ ئێوە مافی خۆتانە لەو کەمپینە پاشە کشە بکەن بەڵام مافی ئەوەتان نییە بەناوی خەڵکی سەربەرزی هەڵەبجەو کەس و کاری هەموو قوربانیانەوە لێدوانی عاجباتی بدەن، ئەوەتا من بۆ خۆم پەیوەندیم بە کاك ئاراس عابیدەوە کرد کە جێگری کۆمەڵەیە و خاوەنی زیاتر لە 15 شەهیدی قوربانین، ئەگەرچی ووتی من بەناوی کۆمەڵەوە هیچ لێدوانێك نادەم لەسەر ئەو مەسەلەیە بەڵام وەك رای شەخسی ووتی ئامادەم ماڵەکەم بخەمە خزمەتی ئەوکێشەیەو سێدارەکەی بۆ هەڵخەم،

بۆیە با کۆمەڵە بازارگەرمی ئەوە نەکات کە بەو سێدارەیە شار پیس ئەبێت و گڵاو ئەبێت ئەم قسەیە ئەوەندە لاوازە بەرگەی یەك چرکە بۆگەناوی ناوبازاری هەڵەبجە ناگرێ کە بەهۆی سیاسەتی 16 ساڵەی دەسەڵاتی کوردیەوە وێران بووەو خۆشیان باش ئەوە ئەزانن، ئاخر کە دەڵێن باش نییە عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێ بەو بیانوەی کە هەڵەبجە گڵاو ئەبێت ئەمە ئەوپەری قسەیەکی پروپوچە، رای من ئەوەیە باشترین دیاری بۆ هەڵەبجەو یادەوەرییە جەرگبڕەکانی هێنانی عەلی کیمیاییە بۆ هەڵەبجە بە زنجیرەوە وەك فاسیدترین و دیکتاتۆرترین خوێڕی عەرەبی، تکایە حەماقەت و دڕندەیی بەعس لەبیر مەکەن چونکە کەس لێتان خۆش نابێت؟ لە سێدارەدانی (عەلی) لە هەڵەبجە ماناو مەدلولاتی قوڵی هەیە، دواپلەی ڕەزالەت و سەرکزی بەعسیەکانەو بەناوی کولتوری لێبوردەیی کوردییەوە حوکم لەسەر شارێك و 5000 شەهید مەدەن تکایە؟ تکایە کارەساتی گەورەی هەڵەبجە هەراج و هەرزانفرۆش و سوك مەکەن ؟!